Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ترۆپكی تابۆ لەزمانی كوردییدا

**بژوێن یەحیا محەمەد**
**بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی گەرمیان، گەرمیان، هەرێمی كوردستان-عێراق.**
**ئیمەیل:**bzhwen.yahya@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ دۆزینەوەی ترۆپكی تابۆ لە ئاوەزی ئاخێوەرانی زمانی كوردییدا، تا بە شێوەیەكی گشتیی تابۆترین دەربڕاو لە كۆمەڵی كوردییدا دەستنیشاندەكرێت. بۆ ئەوەش بۆ دۆزینەوەی ترۆپكی تابۆ و ڕیزبەندییەكەی لە ئاوەزدا، كار بەفەرهەنگی ئاوەزیی كراوە, كە پەیوەست بەتاك و كۆمەڵیشەوە ڕیزبەندیی (sort) تایبەت بەخۆی هەیە. لێكۆڵینەوەكە بۆ دەرهێنانی ئەو زانیارییانەیە لەفەرهەنگی ئاوەزییدا, پشتی بە ئەو داتاو كەرەستانە بەستووە، كە لە سینتاكس و مۆرفۆلۆژیی یان لەدەقەكاندا بەرجەستە دەكرێن. لێكۆڵینەوەكە ڕێبازی پەسنیی شیكاریی پێڕەو كردووە و هەوڵی شیكردنەوەی دیاردەكەو پێڕەوەكەی داوە. كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە لەزمانی كوردیی – شێوەزاری سلێمانی وەرگیراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**١/١) فەرهەنگی ئاوەزیی:**

وشەنامەکەی ناو مێشکی مرۆڤە, کە لە کەرەستە تێداهەڵگیراوەکەدا زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی هەڵگیراون, بەهۆی ئەو زانیارییانەوە ئاخێوەر کۆزانیاری زمانیی لادەبێت (https://csl.psychol.cam.ac.uk/publications/pdf/94_Marslen-Wilson_PsychRev.pdf). هەبوونی زانیاریی لەو چەشنانە لای ئاخێوەر دەستەبەری ناسینەوەی نادروستیی ڕێزمانیی و ناڕاستیی واتا دەکات. سەرباری ئەو زانیارییانە, فەرهەنگی ئاوەزیی داڕشتەی سایکۆلۆژیی کۆمەڵ و تاکە, بەجۆرێک داتاو کەرەستە گەنجکراوەکانی فەرهەنگەکە بەپێی دەروونی کۆمەڵ و تاک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ڕیزدەکرێن (https://www.psycholinguistics.com/gerry_altmann/resources/Chapter-6.pdf). ئەگەرچی تاک ئەندامێکی ناو کۆمەڵگەیە, بەڵام پێشبینی هەبوونی دەروونێکی جیاواز لەبەرجەستەکردنی ئەو داتایانەدا دەکرێت, بەوەش فەرهەنگی ئاوەزیی نواندنێکی تاکەکەسیی و بەکۆمەڵیشی هەیە. فەرهەنگە ئاوەزییەکە بەپێی دەروونی کۆمەڵگە ڕیزبوونێک بەهاتنەدەرەوەی داتازمانییەکە دەسەپێنێت و بیروباوەڕی کۆمەڵگە دەبێتە بیروباوەڕی تاک و کار لەدەروونی تاک دەکات (Journal of the Indian Academy of Applied Psychology - January 2008).

پەیوەست بەکەرەستەکانی ناو فەرهەنگیی ئاوەزییەوە گەنجکردنەکان دابەشبوونێکی هەرەمییان هەیە، بەجۆرێک: (أ) هەرەمەکە گشتییەو هەموو ئاخێوەرانی زمان لەسەری دەڕۆن, واتە ئەو کەرەستەیەی لەفەرهەنگی ئاوەزیی نەتەوەدا گرنگە, لەهی تاکیشدا هەمان پێگەی هەیە. (ب) هەرەمەکە تایبەتییەو تاک بەپێی بیروباوەڕو دەروونی خۆی لەمێشکیدا ڕیزبەندی کردووە. بۆ نموونە چالاکیی و سستیی کەرەستەیەک داڕشتنێکی ئاوەزیی و سایکۆلۆژییانەی هەیە, واتە لەفەرهەنگیی ئاوەزیی کورددا (X) چالاکەکان پێشتر لە فەرهەنگەکە دێنە دەرەوەو لە فۆرمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و چەسپاوەکان (ئیدیۆمەکان) بەرجەستە دەبن. بەوپێیەی فەرهەنگی ئاوەزیی (Mental Lexicon) زانیارییە هاوبەشەکانی وەک: فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی لەئاوەزیی ئاخێوەرەکانی زمانێکدا هەڵگیراون، سەرباری ئەوانەش فەرهەنگە ئاوەزییەکە داڕشتەی سایکۆلۆژیی تاک و کۆمەڵیشە. تاک لە زانیارییە گشتییەکانی فەرهەنگی ئاوەزییدا پەیکاڵی کۆمەڵ و نەتەوەکەیەتیی. ڕستەکانی (١) ئەوە دەردەخەن, کە سەرباری زانیارییە گشتییەکەی زمان، ئاخێوەری زمانەکە داڕشتەی سایکۆلۆژیی خۆی لەپێکهاتەی سینتاکسییدا بەرجەستە دەکات(نموونەو شیکارییەکان لەبەرهەمێکی بڵاونەکراوەی ( عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف) وەرگیراون), ترۆپکی (Topic) سینتاکسیی و واتایی پەیوەست بەفرێزە گرنگەکان جێبەجێ دەکات. بۆنموونە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

1) ا. نەوزاد لەبازاڕ سێوی كڕی.پێكهاتەی سینتاكسیی گشتیی

ب. لەبازاڕ نەوزاد سێوی كڕی. پێكهاتەی سینتاكسیی تایبەتیی (قسەكەر شوێنی كڕینی لاگرنگە، بۆیە هێناویەتیە پێشەوە).

پ. سێوی لەبازاڕ كڕی نەوزاد. پێكهاتەی سینتاكسیی تایبەتیی (قسەكەر بابەتی كڕدراوی لاگرنگە، بۆیە هێناوێتیە پێشەوە).

سەرباری نموونە سینتاكسییەكانی (١), ئەگەرچیی پێكهاتەی سیمانتیكیی (دروستەی قووڵ) نواندنێكی گشتیی واتایی و پۆلەڕەگەزیی (Categorical and Semantical represetation) هەیەو بەنواندنی لەپێكهاتەی سینتاكسیی دا (دروستەی ڕووكەش), ئەو ڕیزبوونە دەست دەكەوێت، كەلە ئاوەزمەندیی كوردییەوە بڕیاری لەسەر دراوە, چونكە هەرچەندە وەک لە هێڵكاریی (1) دەردەكەوێت، پێكهاتە سیمانتیكییەكە ڕیزبوونەكەی بەپێی پێویستی واتایی و پۆلەڕەگەزییە, بەڵام بۆ بیركردنەوە كوردییەكە بكەر دەبێتە ترۆپكی ڕستەكەو قاڵبی (SOV) دەستدەكەوێت، بڕوانە نموونەی (٢). بەوەش ئەوە ڕووندەبێتەوە: (ا) ئەگەرچیی لە پێكهاتەی سیمانتیكیی (دروستەی قووڵدا) كردار ترۆپكی پێكهاتە سیمانتیكییەكەیە, بەڵام لە دروستەی ڕووكەشدا, كە دەربڕی ئاوەزمەندیی و ڕیزبەندیی كەرەستەكانی فەرهەنگیی ئاوەزییە, بكەر دەبێتە ترۆپكی پێكهاتە سینتاكسییەكە. (ب) لە كۆمەڵی ئێمەدا بكەرو كارا لەترۆپكدان و گرنگن.

هێڵكاریی (١)

پێكهاتەی سیمانتیكیی (دروستەی قووڵ)

سێوەكە خوارد من

↓

پێكهاتەی پێش_سینتاكسیی

من سێوەكە خواردم

↓

پێكهاتەی سینتاكسیی

من سێوەكەم خوارد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

2) نەوزاد کتێبەکەی بۆ ناردم. (قاڵبی گشتی)
S O V

نموونەی (٢) قاڵبە گشتییەکەی کورد بۆ دەربڕی ئاوەزمەندیی کارەکتەرەکانی ڕستە, کە وەک دەردەکەوێت, بکەرەکە بۆتە ترۆپک، لەڕاستییدا گەر بڕوانرێتە گۆڕەپانی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکە ئەوە دەردەکەوێت، کە کەس و کاریزما گرنگترن لەو کردارانەی کەسەکە ئەنجامی داون. (بڕوانە پارەکانی دواتر) هێڵکاریی (١) و نموونەی (٢) پەیوەست بە ترۆپکەوە بۆ نواندنە گشتییەکەیە, بەڵام وەک لەنموونەکانی یەکدا خرایەڕوو، تاک ترۆپکی بۆ ئەو شت و بیرەی لەئاوەزیدایە بەرجەستە دەکات. لە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا ئاخێوەری زمانەکە ئازادانەتر لەڕێی پێکهاتەی سینتاکسیی تایبەتییەوە بەپێی سایکۆلۆژیی خۆی بدەر لەڕیزبوونە گشتییەکە کەرەستەکان ڕیز و ئەکتیڤ دەکات، ئەوەش ترۆپکی تاکلایەنانە حوکمی دەکات و بڕیار لەڕیزبوونەکان دەدات. بڕوانە (٣_ا,ب).

٣) ا. خوشک و برا ، دایک و باوک ، کچ و کوڕ , ژن و پیاو , ژن ومێرد , بووک و زاوا... (نواندنی سینتاکسیی گشتیی / سایکۆلۆژیی گشتیی)

ب. براو خوشک , باوک و دایک , کوڕ و کچ , پیاوو ژن,... (نواندنی سایکۆلۆژیی گشتیی / سایکۆلۆژیی تایبەتیی)

(٣_ا) کە لەڕووی سینتاکسەوە فرێزی تەکخراون (Coordinate Phrase)، نواندنێکی باوو ڕۆیشتووە و بەپێی سایکۆلۆژیی گشتیی داڕێژراوە (محەمەد مەعروف فەتاح (2010: 291)، کە بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە لەو جۆرە دروستانەدا, لەڕووی زایەندەوە, کەتیگۆرییە مێیەکە لەپێشەوە هاتووە, ئینجا نێرەکە, ئەوەش دەروازە بۆ ڕیزبوونی جێندەریی پاشان ئەکتیڤی دەکاتەوە, بڕوانە (٤), کە تێیدا بەپێی ڕیزبوونی ناو فرێزە تەکخراوەکان، پەی بە کەتیگۆرییە گرنگ و چالاکەکە دەبرێت. (٣_ب)یش نواندنەکەی بەپێی سایکۆلۆژیی ئاخێوەرەکەیە, چونکە دەربڕی بیروڕایەکی تاکە بەرامبەر زایەند و جێندەر, هەروەها دەرخەری چالاکیی کەتیگۆرییەکەی یەکەمە.

٤) (پارتیی و یەکێتیی / یەکێتیی و پارتیی), ( مام جەلال و کاک مەسعود / کاک مەسعود و مام جەلال), ( من و تۆ / تۆو من), (سلێمانیی و هەولێر / هەولێر و سلێمانیی,...).

بەپێی نموونەکانی (٤) ئاخێوەری زمانەکە لەدەرەوەی بازنەی گشتیی ئەو کەتیگۆرییانە دەهێنێتە پێشەوە, کە بۆ ئەو گرنگ و چالاکن, چونکە لەتەکخراوەکانی جۆری (٤)داڕیزبوونەکان باوو ڕۆیشتوو نیین، بەڵکو ئاخێوەر بڕیار لەسەر ڕیزبوونەکانی دەدات, بەوەش ئەوە دەردەکەوێت, کە تێڕوانییی زایەندیی و جێندەریی و کەتیگۆریی ئەکتیڤ لەزمانی کوردییدا لەسینتاکسدایەو پەیوەستە بەجێکەوتەی سینتاکسییەوەو لە فرێزە تەکخراوەکاندا بەرجەستە دەکرێن (سەبارەت بە ڕیزبوونی فۆنۆلۆژیانەی تەکخراوەکان بڕوانە سەرچاوەی پێشوو(2010: 288)).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

وەک ئاماژەی بۆکرا، فەرهەنگی ئاوەزیی زانیاریی دەربارەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکس و واتایی تێدایە. دارِشتەی سایکۆلۆژیی ئاخێوەری کوردیشی تێدا تۆمارکراوە. لە داتای زمانیی کوردییدا جگە لە نواندنە سینتاکسییەکەی کە ئازادانەیە و ئاخێوەری زمانی کوردیی بواری بەرجەستەکردنی بیرو بۆچوون و هەستەکانی خۆی تێدا هەیە, بەڵام هەر ئاخێوەرێکی زمان لە بازنەیەکی گشتییدا پێڕەوی ئەو شتە باوانە دەکات، کە لە داتا زمانییە نەتەوایەتییەکەیدا هەیەتیی، بۆ ئەوەش پشت بەو فۆرمە چەسپاوانە دەبەسترێت, کە تاک بێئاگایانە بییەوێ دەسەڵاتی خۆی تێدابێت, لە زمانی دایکەوە وەردەگیرێت. بۆ نموونە فۆرمە مۆرفۆلۆژیی و ئیدیۆمەکان لە فۆرمە چەسپاوەکانن, کە زانیاریی گشتیی دەربارەی ڕیزبوون و داتا دووبارەکەی تێدایە. بەبەراورد لەگەڵ دروستە سینتاکسییە ئازادەکانی (٣)، فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی (٥) بەپێی هەژمودنی گشتیی کەتیگۆرییە چالاکەکەی پێش کەتیگۆرییە ناچالاکەکە خستووە، ئەوەش پەیکاڵی ڕیزبوونە سینتاکسییەکەی (٣_ا)، کە پەیوەست بەجۆری کۆمەڵایەتییەوە (social sexual) بەپێی بیرکردنەوە گشتییەکە دارِێژرابوو, بەڵام ئەمان چەسپاون و پەیوەست بە زایەند و جێندەرو ئەکتیڤییەتەوە دەرخەری بیری کۆمەڵایەتیی کوردن.

٥) دەموچاو، سەروپێ, دەستوپل، دەموپل، قاچوقول، شانومل، ماڵومنداڵ، برنجوشلە، داروبەرد، گەنموجۆ، دارودرەخت، داوودەرمان، دارودیوار،...

وشە لێکدراوەکان پەیوەستن بەسەرو تەواوکەرەوە بەپێی زانیاریی سینتاکسیی بەرهەم دەهێنرێن(عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف ٢٠١٨: ١٤). تۆپیکی مۆرفۆلۆژیی کەرەستە بەرهەمهێنەرەکانی وشەی لێکدراوە، کە ناوو ئاوەڵناوو کردار دەگرێتەوە، بۆ بەلێکسیمکردنێتی. واتە فۆرمەکەی بۆ بەلێکسیمبوونی وشەکە دەگۆڕێت. بەترۆپککردنی ئەو کەرەستە بەرهەمهێنەرانە بۆ ئەوەیە: (ا) کەرەستە هێنراوە پێشەکە گرنگەو ئەوەیە کە قسەی لەبارەوە دەکرێت. (ب) نیشانەیەکی کەرەستە هێنراوە پێشەکە نیشانە دەکرێت و دەکرێتە ترۆپکی گشت نیشانەکان, بڕوانە (٦).

٦) ا. گاکۆتر، گابەرد، مارماسیی، شاتوو،...

بەهێنانە پێشەوەکە پۆلەڕەگەزیان گۆڕاوەو بوونەتە ئاوەڵناوو زانیارییەکی ناو ناوەکە کراوە بەتۆپیک و واتای قەبارەی لێوەرگیراوە.

ب. سوورەماسیی، زەردەبی، گەورەدێ، تەڕەپیاز، سەوزەگیا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئەوەڵناوەکە بۆ بەترۆپککردنی نیشانەیەکی هێنراوەتە پێشەوە، واتە سوور لەسوورەماسییدا بەشێکە لە واتای ڕەنگی سوور.

## ٢/١) تابۆو ترۆپکی تابۆ :

بە وردبوونەوە لەو فۆرمە زمانییانەی لە قاڵبی (وشە, فرێز, ڕستە)دا دەردەکەون، ئەوە دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانی هەندێک لەو فۆرمانە لەناو گروپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا نەشیاو دەکەویتەوە، بەواتایەکی تر ئەو فۆرمانە هەڵگری واتایەکن وای لێکردوون لە دەوروبەری خۆیاندا نەبێت، بەبێڕێزی لەقەڵەم دەدرێن، لەلێکدانەوەی واتایی ئەو فۆڕمانەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە هەندێکیان وشەی فەرهەنگیین و واتای نەشیاو/ قەدەغەکراویان هەیە، هەندێکی تریان لەپەیوەندیی واتایی نێوان زیاتر لەوشەیەک دروستدەبێت. بۆیە تابۆ ڕێگایەکە بۆ لادان لە گوتنی ئەو دەربڕاوانەی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەیەکدا ناگونجێن، بەجۆرێک، کە گوتنی کۆدە ڕەوشتییەکانی کۆمەڵێک تێدەپەڕێنێت((Seyed Vahid Aryadost (2007 : 240).

تابۆ یەکێکە لەو پاڵنەرانەی کاریگەریی لەسەر ڕیزبەندیی و بەهەڕەمییکردنی داتاو کەرەستەکانی فەرهەنگێکی ئاوەزیی تاک و کۆمەڵ هەیە، بەجۆرێک ئەو پاڵنەرە دەرەکییە ئەڵتەرناتیڤی کەرەستە فەرهەنگییەکەی ناو فەرهەنگیی مرۆڤ بەپێی ترۆپکی تابۆکە بەرجەستە دەکا، هەرکۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیی خاوەنی کۆمەڵێک خوو نەریت و بەهای کۆمەڵایەتیی و کلتورییە، کە بەرهەمی کەڵەکەبووی نەوە لەدوای نەوەی کۆمەڵگایەکەو لەڕێگەی ئەم بەهایانەوە تاکەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی شیاو بۆ بەکارهێنانی زمان ئاراستە دەکرێن، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا تاک هەن بەپێی ڕێنماییەکانی ئاین و دابونەریت پڕبەپێستی بەها کۆمەڵایەتییەکان ناجوڵێنەوە(شاخەوان جەلال فەرەج, ٢٠١١: ٤٥), هەربۆیە تابۆ بریتییە لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی کەلەڕووی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییەوە دەربڕینیان بەشێوەیەکی ئاسایی شیاو نییەو ڕیزبەندییە ئاوەزدارییەکەی لەلای تاک کۆتوبەندداره، ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی وابەستەبوونیان بەئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە یان کردە سێکسییەکان یان نەخۆشیی و شتە شوومەکان، لەلایەکی ترەوە وابەستەی دەربڕینەکانە بەبابەت و شوێنە پیرۆزەکانەوە.

## ١-٢/١ پاڵنەرەکانی ترۆپکی تابۆ:

بوونی تابۆ لە کۆمەڵدا بەگشتیی و لەزماندا بەتایبەتیی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دروستبوونی دەربڕاوی تابۆیی لەزماندا بەهۆی کۆمەڵێک پاڵنەرەوە دەبێت، کە بەهۆی دانانی کۆمەڵێک


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

یاساو دەستووری تایبەتەوە وادەکات بەکارهێنەرانی زمان پابەندی ئەو پێڕەوبەندییە بن، بۆیە لادان لەو پێڕەوە تایبەتییانە دەبێتە هۆی دروستبوونی دەربڕاوی تابۆ لە زماندا. گەر بڕوانرێتە هەنگاوەکانی دواتری توێژینەوەکە بەوردی باس لەو پاڵنەرانە کراوە و هەوڵدراوە ترۆپکی هەریەکە لە پاڵنەرەکانی دروستبوونی تابۆ دەستنیشان بکرێت.

## 1_1_2/1 پاڵنەری ئاینیی:

ئاین وەک پێکهاتەیەکی کلتوریی لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا پێگەیەکی بەرچاوی هەیە، بەهاورێساکانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر دەربڕاوە زمانییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ هەیە، ئەو وشەیەی چەمک و بیرەکەی بچێتە چوارچێوەی بیروباوەڕی ئاینییەوە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرو دەروونی ئەو کەسانە دادەنێت, کە پێڕەوی ئاینەکە دەکەن و هەوڵدەدەن بەجوانترین شێوە بەکاریان بهێنن و پیرۆزییان بپارێزن (پێشکەوت مەجید محەمەد، 2013: 49). بۆ نموونە ڕاستە ڕوکنەکانی دینی ئیسلام وەک فەرزێک دەبێت جێبەجێبکرێن, بەڵام نوێژ پەیوەست بەتاکی موسڵمانەوە ترۆپکی ئاینییە، بۆیە پێشبینیی دەکرێت، تانەی ( نوێژنەکەر) یان ( تاریکە سەڵات ) لە ( حەجنەکەر و ڕۆژوونەگرو زەکات_نەدەر) زیاتر تابۆ ئامێز تر بێت. ڕوونکردنەوەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەست بەڕوکنەکانیشەوە موسڵمانێک لە فەرهەنگیی ئاوەزییدا ڕیزبەندیی تایبەت بەخۆی هەیە.

لەوەوە دەتوانرێت بگوترێت، ئاین کاریگەریی لەسەر ڕیزبەندیی ئاوەزیی وشە فەرهەنگییەکانی تاک و کۆ هەیە. بەشێکی گرنگی بیرکردنەوەی ئاینیی بۆ ئەو بۆشاییە ڕوحییانە دەگەڕێتەوە, کە مرۆڤ هەستیان پێدەکات، هەر بۆیە بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت و وەک یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی خۆی سەیریی دەکات, هەروەها ئەرکی سەرەکیی ئاین پێکەوە بەستنی کۆمەڵگایەو کۆمەڵگایش پاریزگاریی لێدەکات(بەهار زاهیر محەمەد، 2009: 34).

تاکەکانی هەموو کۆمەڵێک پێڕەوی هەر ئاینێک بکەن و بڕوایان پێی هەبێت و پەیوەستن پێیەوە, ئەوا ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکەن, کە ئەو ئاینە بۆی داناون, دیارە لە ئاینیشدا کۆمەڵێک یاساورێسا هەن, کە ناتوانرێت لێیان لابدرێت, چونکە لادان لەو یاسایانە لە پیرۆزیی ئاینەکە کەمدەکاتەوەو بە نەشیاوو حەرام دادەنرێت, بۆ نموونە ئەو کەسانەی ئاینی ئیسلام پێڕەودەکەن بەوریاییەوە ناوی خواو پێغەمبەر و کەسایەتییە ئاینییەکان دەبەن و ئەو شوێنانەشی تایبەتن بەئاینەکەوە پیرۆز ڕایدەگرن، هەروەها وشەکانی( کفرکردن، تەڵاق، ناشوکریکردن، هاوەڵدانان بۆ خوا، کافر، بێئیمان، نوێژنەکەر،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

فاسیق، زیناکار،...) پەیوەست بەئاینەوە تابۆن، هەرچەندە هەمان ئاست و نمرەی یەکیان نییە، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەبێت ترۆپکی تایبەت بەخۆیان هەبێت. هەرچەندە لەناو ڕوکنەکاندا نوێژنەکەر تابۆترینیان بوو، بەڵام دانانی هاوەڵ بۆ خواو کفرکردن بەرامبەری و جوێندان بەپێغەمبەر لەترۆپکی تابۆکاندان. بۆ نموونە گەر سەرنجی ئەو دەمانە بدرێت، کە ڕۆژنامە نووسێک کاریکاتێرێکی لەسەر پێغەمبەر کرد، دنیای ئیسلامیی بەزوویی هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند، لەکاتێکدا کۆی دنیای ئیسلامیی دەزانن، کە لە ڕۆژئاوا ئازادییە تاکییەکان ڕەهان, کەچی هیچ هەڵوێستێکی لەو بارەیەوە نییە.

لە ڕاستییدا لەڕوانگەی بنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە، ئەو دەربڕاوە زمانییانە لەو ڕێکخستنە دەدەن، کە ئاین لەڕێگەی پرەنسیپەکانییەوە کۆمەڵی پێ ڕێکخستووە، کە ئەمە بۆ هەموو پێڕەوکەرانی هەموو ئاینەکانی تری وەکو (مەسیحیی ، یەزیدیی، کریستیان و بوزیی و...) پەیوەست بە بنەماو تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیانەوە ڕاستە(پێشکەوت مەجید،2013: 48). واتە دین بووەتە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردیی، بۆیە هەندێک تانەو تابۆی ئاینیی دواتر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی وەردەگرن.

دین و بڕواو بۆچوونی جیاواز هۆکارێکن بۆ پەیدابوونی دیاردەی تابۆ لەزماندا، چونکە هەموو ئاینێک پیرۆزیی خۆی هەیەو کۆمەڵێک وشەو دەربڕینی قەدەغە کردووە، کە پێویستە لەسەر پێڕەوکەرانی ئەو ئاینە خۆیان لەبەکارهێنانی ئەو وشانە بپارێزن(دارا حەمید محەمەد،2010: 31)، هەر وەک وشەو دەربڕاوە تابۆکان لەهەموو بارێکدا تابۆکەی هێزی هەیە لەبەکارهێناندا، واتە تابۆ هەیە هێزەکەی زۆرترەو لەبەکارهێنانیدا مرۆڤ زۆرتر تووشی عەیبە دەبێت و ناچارە ئەڵتەرناتیڤی وشە تابۆکە بەکاربهێنێت، کە ئەمەش بە(ترۆپک) داەنرێت، چونکە تاهێزیی زۆربێت لەبەکارهێناندا، ئنجا دەتوانرێت بەترۆپک دابنرێت، کەچی تابۆیش هەیە هێزی بەکارهێنانەکەی کەمترەو تاڕادەیەک بەکارهێنەری وشەکە کەمتر هێزی تابۆکەی دەکەوێتەسەر لەبەکارهێناندا، هەروەها تابۆی ئاینیی بێگومان ترۆپکی تابۆیی هەیەو بەپێی ئەو یاسایانەی ئاینەکە دایناوە کامەیان لادانی زۆرتری تیابێت و سزاکەی قورستربێت بێگومان ئەوە بە ترۆپکی تابۆی ئاینیی دادەنرێت، گەر بڕوانینە ئاینی ئیسلام بەو پێیەی لەپلەی یەکەمدایە لە پێڕەوکردندا لەناو میللەتی کورددا تاڕادەیەک شارەزاییمان لەو ڕێساو یاسایانەدا هەیە، کە ئایینەکە دایناوە، هەربۆیە دەتوانیین ترۆپکی تابۆەکەی دەستنیشان بکەین، بۆ نموونە وەک ئاماژەی پێدرا ( هاوەڵدانان بۆ خودا)و جوێندان و تانەدان لەپێغەمبەر یەکێکن لەو سەرپێچییانەی، کە ترۆپکی تابۆی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئاینییە، بەو پێیەی لەئاینەکەدا قورسترین سزای بۆ دانراوە، گەر ڕیزبەندیی تابۆی ئاینیی بکرێت، پێشبینیی دەکرێت ئەو ڕیزبەندییەی ژمارە (٧) دەستبکەوێت.

7) هاوەڵدانان و کفرکردن بەرامبەر خودا
کفرکردن و جوێندان بە پێغەمبەر
زیناکەر
نوێژنەکەر
ڕۆژوونەگر
حەجنەکەر
دەستپیس

## ٢/١_١_٢ پاڵنەری ڕامیاریی:

سیاسەت چالاکییەکی کۆمەڵایەتییەو لەناو ئەندامانی کۆمەڵدا سەرهەڵدەدات و بەکاردەهێنرێت و پێڕەودەکرێت، بەمەبەستی خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەکۆمەڵ و تەکنیکی بەڕێوەبردنی ڕامیارییانەی ناوەوەو دەرەوەی وڵاتە(http://www.shaam.org/articles/opinion-articles/أهمية-علم-السياسة-و-تأثيره-في-حياة-الدول-و-المجتمعات)، هەربۆیە ئاشکرایە هەر حاڵەتێک یان هەر کاروچالاکییەک لەناو کۆمەڵدا سەرهەڵبدات و پێڕەو بکرێت، کاریگەریی تەواو لەسەر زمانی ئەو کۆمەڵە دادەنێت، چونکە لەمێژە ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە، نەک هەر بەبێ یەکتر نابن، بەڵکو کاریگەریی تەواویان لەسەر یەکتر هەیە، هەربۆیە سیاسەتیش لەبەرئەوەی چالاکییەکی کۆمەڵایەتییەو لەناو کۆمەڵدا کاردەکات، لە دروستکردنی کاریگەریی لەسەر زمانی ئەو کۆمەڵە بەدەرنییە.

لەناو کۆمەڵدا کاتێک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی سەرهەڵدەدات، کاریگەریی خۆی لەسەر زمان و ئاخاوتنی کۆمەڵەکە دەبێت، لەم ڕێگەیەشەوە ئەو ئایدۆلۆژیا سیاسییە هەڵگری چەندین وشەو زاراوەی تایبەتیی ڕیزبەندداری تایبەت بەخۆیەتیی، هەربۆیە ئەندام و لایەنگرانیان بەئاسانیی و زۆر بەڕوونی دەناسرێنەوە. ئەوەش وادەکات کاتێک کە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی دەگاتە لوتکەی دەسەڵات و توانای دارشتنی فۆڕمی تایبەت بەخۆی دەبێت، ئەوا وشەو زاراوەکانی بەتەواوی خۆیان دەخزێننە ناو فەرهەنگیی زمانەکەوە و لەئاوەزی تاک بەتاکی ئەو کۆمەڵەدا جێگیر دەبن. لێرەدا دەتوانرێت بوترێت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

سیاسەت لەڕێگەی زمانەوە لەناو کۆمەڵدا ڕەنگ دەداتەوە، پەیوەندیی زمان و سیاسەت وەک هەر پەیوەندییەکی زانست و بیرەکۆمەڵایەتییەکانی تر کاملّ و پتەوە( گۆران کوردی، 2013: 56).

هەروەک ئاماژەی پێکراوە ئامانجی توێژینەوەکە دروستبوونی تابۆیە، سیاسەتیش وەک یەکێک لەپاڵنەرەکانی دروستبوونی تابۆ لەکۆمەڵدا هەژماردەکرێت، چونکە تابۆی سیاسیی ئەو ئایدۆلۆژیا سیاسییە پیرۆزەیە، کە نابێت بەهیچ شێوەیەک دەستی بۆ ببرێت و جێگەی کەموکورتیی و ڕەخنە نییە. گەر تیشک بخرێتەسەر مێژووی ڕامیاریی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی، ترسناکترین تابۆی سیاسیی، کە سیستمی نەژادپەرستییە دیکتاتۆرییەکان لەسەر دامەزراوە، بەدرێژایی مێژوو بریتیین لە (خاچی پیرۆز)، کە لە ئەوروپا سیستمی کڵێسای لەسەر دامەزراوە، (نەژادی ئاری)، کە لە ئەڵمانیا سیستمی نازییەکانی لەسەر دامەزراوە، (سوتانی یەهودی)، کە کیانی ئیسرائیلی لەسەر دامەزراوە، (ئیسلامی سەلەفی)، کە زۆربەی سیستمی عەرەبیی و ئیسلامییەکانی لەسەر دامەزراوە (alafkaralhorraApril 1, 2016t). هەروەها یەکێکی تر لەتابۆیە سیاسییە قورسەکان بەنسبەت وڵاتە عەرەبیی و ئیسلامییەکانەوە بوونی پەیوەندییەکی باشە لەگەڵ ئیسرائیلدا، هۆکاری ئەمەش زۆر بەڕوونی دیارە، چونکە (فەلەستین)، کە وڵاتێکی پیرۆزە بەلایانەوە لەلایەن ئیسرائیلەوە ڕووبەڕووی بارێکی خراپ بووەتەوە( alrakoba.net © 2019).

ئەو نموونانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، هەریەکەیان بۆخۆیان لەدیدگاو ئایدۆلۆژیای کۆمەڵێکی دیاریکراودا پیرۆزیی خۆیان هەیە، هەربۆیە سەبارەت بەبیروبۆچوونی لایەنگرانی هەریەکە لەو پیرۆزییە سیاسییانەوە، ئەو کەسانەی کە ئەم هێڵە سیاسییانە ببڕن و لەپیرۆزییان کەم بکەنەوە، دەبێت تا ئەوپەڕی پلەی سزادانی قورس سزابدرێن، جا سزادانی تاک بێت یان سزادانی کۆمەڵ (alafkaralhorraApril 1, 2016t).

تائێرە بەشێوەیەکی گشتیی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی باسی تابۆی سیاسیی کرا، بەڵام لەسەرئاستی هەرێمی کوردستانیش هەندێک حاڵەتی ڕامیاریی بەلای کیان و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکانەوە بەرەو تابۆبوون ڕۆشتوون، کە لەڕێگەی میدیاو ڕۆژنامەو گۆڤار و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەمەبەستی دەمارگیریی و تۆڵەسەندنەوە لەبیروڕای یەکتر بەکاریدەهێنن، توێژینەوەکەش وەک خستنەڕووی دروستبوونی تابۆی ڕامیاریی و دوور لە هەرلایەنگریی و کاریگەرییەکی ئایدۆلۆژیی کۆمەڵێک تابۆی ڕامیاریی خستۆتەڕوو، کە پێشبینیی دەکرێت لەسەرەتادا بەهۆی جیاکاریی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئایدۆلۆژییاوە زمانێکی تایبەت هەبێت بۆ جیاکردنەوەی ئەندامەکانی حیزب بەوەش کار لە فەرهەنگیی ئاوەزیی تاکی حیزبی کراوەو دەکرێت، بڕوانە نمونەکانی ( ٨ ), ( ٩ ) و ڕوونکردنەوەکانی دواتری.

8) قوتابی و خوێندکار، سەوزو زەرد، ژن و ئافرەت، کاکەو مامە،...

٩) ا. یەکێتیی، پارتیی، مامجەلال، کاک مەسعوود، ( وشەی ناو گۆڕەپانی ڕامیاریی)

ب. یەکێتیی و پارتیی .....مامجەلال و کاک مەسعوود ( ئەندامێکی یەکێتیی)

پ. پارتیی و یەکێتیی.....کاک مەسعوود و مامجەلال (ئەندامێکی پارتیی )

نموونەکانی (٨)و ڕیزکردنەکانی (٩_ب پ)هەرچەندە نەبووتە تابۆ, بەڵام پەیوەست بە حیزبەوە دەربڕی ئاوەزداریی ئەندامەکانیانە و بووتە ناسنامەی حیزبییان. ناسنامەی حیزبیی لە کۆمەڵی کوردییدا بۆ بەخشش و پێگەیە, بۆیە پێشبینی دەکرێت لەسەر ئەو بنەمایە جۆری حیزبیی لە کۆمەڵگەدا دیاریی بکرێت ببێتە سەرەتای تابۆی ڕامیاریی.

حیزب لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دیاریکردنی دیمۆگرافیای حیزبیی خۆی، هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ, بۆیە ئەوەش بووەتە سەرچاوەی توندوتیژییەکی شاراوەی ڕامیاریی, بەجۆرێک ئەندامبوون لە حیزبێکدا پاداشتی دامەزراندن و زەویی و پارەوەرگرتن و..........ی هەیە، بۆیە ئەوە سەرەتای هەنگاونانە بەرەو تابۆی ڕامیاریی. تابۆکە خودی ئەندامانی حیزب بۆ هێشتنەوەی ئەو حیزبەی بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت، بەرگریی لێدەکەن. بۆ نموونە: (نەوتدز), (حیزبی بنەماڵە),(کارەساتی هەکاریی), (پشتئاشان), (شەڕی ناوخۆ)، ( ڕووداوی خێڵی حەمە)، (کوشتنی مارکسییەکان)، (کوشتنی ڕۆژنانەنووس)، (ڕیفراندۆم)، (شازدەی ئۆکتۆبەر)، (سیستمی پاشەکەوت)، (سیویەکی ئاب)، (حەفتاوچوار )، ( شەست وشەش)،...هتد، هەروەها تانەدان و جوێندان بە ڕابەری حیزبەکان ڕکێفی تابۆ ڕامیارییەکە دەگرن .https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D9%88 بڕوانە ڕیزبوونی پێشبینیکراوی (١٠).

ئەوانەو چەندین حاڵەتی تر کۆمەڵێک ڕووداون، هەریەکەیان لەلایەن ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییەوە/حیزبییەوە ڕوویانداوەو سەبارەت بەلایەنگرانی وەکو یەکێک لەبنەما پیرۆزەکانی سەیردەکرێن، بەڵام گەر لەلایەن کیان و پارتی ڕامیاریی بەرامبەرەکانیانەوە بەکاربهێنرێنەوە وەکو ڕەخنەو هەڵەیەکی ڕامیاریی دادەنرێن و بۆ سوکایەتیی و کەمکردنەوەی هەڵگرانی بیروڕای ئەو ئایدۆلۆژیا ڕامیارییە بەکاردێن، کە هۆکاربووە لەئەنجامدانی هەریەکێک لەو ڕووداوانەی ئێستا لەکۆمەڵگای ئێمەدا تابۆن و وەکو هەڵەیەکی سیاسیی لەمێژووی میللەتی کورددا تەماشا دەکرێن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هەروەها لێرەدا توێژینەوەکە گەر تیشکێک بخاتەسەر ترۆپکی سیاسیی لە ئاوەزمەندیی لایەنگرانیی هەر بیروڕایەکی سیاسییدا، ئەوا تاک ترۆپکی خۆی بۆ ئەو شت و بیرەی لەئاوەزیدایە بەرجەستە دەکات، گەر بڕوانرێتە نموونەکانی (٤) لەسەرەتای توێژینەوەکەدا، ئەم حاڵەتە بەوردی باسکراوە. بەڵگەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە ڕیزبەندیی فەرهەنگی ئاوەزیی ئەندامانی حیزب لە کوردستاندا بەو شێوەیە دادەڕێژرێت، کە حیزب و ئۆرگانەکانی بڵاویدەکەنەوە. نموونەکانی ژمارە (٥) ئەو ڕیزبوونە بوون، کە بەپێی لایەنی دەروونیی و بڕوای کورد داڕێژرابوون، کەچی نموونەکانی (٩) ئەو ڕیزبوونە دەخەنەڕوو، کە بەشێکە لە ئاوەزمەندیی ئەندامە حیزبییەکان، ئەویش بەو جۆرەی لە دەربڕاوە تەکخراوەکاندا ئەو فرێزە دێنێتە پێشەوە، کە حیزبەکەیەتی یان پیرۆزی حیزبەکەیەتی.

١٠) ا. مامجەلال (ئەو ناوو ناتۆرانەی لەو دەنرێن) ب. کاک مەسعود (ئەو ناوو ناتۆرانەی لەو دەنرێن)

| ا | ب |
|---|---|
| شەستوشەش | حەفتاوچوار |
| شانزەی ئۆکتۆبەر | سیویەکی ئاب |
| نەوتدز | نەوتدز |
| حیزبی بنەماڵە | حیزبی بنەماڵە |
| دەنگدز | دەنگدز |

### ٢/١_١_٣ پاڵنەری سێکسیی:

ئەو دەربڕاوە زمانییانەی کە دەربڕی کردە سێکسییەکانن، بەجۆرێکی تری تابۆ دادەنرێت لەزماندا، هەربۆیە هەمیشە مرۆڤ خۆی لەبەکارهێنانی هەموو ئەو وشانە بەدوور دەگرێت، کە پەیوەستن بەم لایەنەوە یان ئاماژەی بۆ دەکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجدانە لەم بابەتەدا ئەوەیە، کە تێڕوانینی گشتیی لەکلتورەکانی جیهاندا لەزۆر لایەنەوە هاوشێوەی یەکترن و ئەوەی پەیوەندیی بە ئەندامەکانی زاوزێ و کردە سێکسییەکانەوە هەبێت بە تابۆ لەقەڵەم دەدرێن. بەپێی کلتوری میللەتی کوردیش هەموو ئەم بابەتانە تابۆن و بەرامبەر هەریەکەیان دەبێت ئەڵتەرناتیڤی ئەو وشە تابۆیانە بەکاربهێنرێت، بۆئەوەی بتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت و هێزی تابۆکەی کەمتر بێتەوە، چونکە بەکارهێنانی وشە تابۆکانی ئەم بابەتە لەناو کۆمەڵی ئێمەدا بەهەموو شێوەیەک نەشیاوە، بەڵام ڕەنگە قسەکەر بەبەکارهێنانی وشەکانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

( پەرژینی قایم بێت، دوورلەڕووی جەنابتان، بیلا مەعنا،...) بتوانێت هێزی تابۆکە کەمتر بکاتەوەو ئەوەی مەبەستێتی بەکاری بهێنێت.

هەر بەمەبەستی ڕەوینەوەی ئەم دەربڕاوە تابۆییانە، قسەپێکەرانی زمان هەوڵی بەکارهێنانی زاراوە زانستییەکان دەدەن وەک ئەڵتەرناتیڤی زاراوە تابۆکان، کەلە زماندا جێگرەوەی زاراوە تابۆکان زاراوەی (جوانبەخشین-Euphemism) یان بۆ دانراوە، کە یارمەتی قسەپێکەرانی زمانی کوردیی دەدەن، بۆئەوەی خۆیان بەدوور بگرن لەبەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە پەیوەست بە توێژینەوەکەوە قسەی لەسەر بکرێت ئەوەیە، کە ترۆپکی تابۆی سێکسیی دەستنیشان بکرێت، کە لەڕاستییدا پێشبینیی دەکرێت زاراوە سێکسییەکان ترۆپکی هەموو جۆرەکانی تری، چونکە لەکۆمەڵدا هەموو ئەو وشانەی پەیوەستن بەلایەنی سێکسییەوە ئاخێوەری زمانکە خۆی بەدوور دەگرێت لە بەکارهێنانیان، چونکە ئەو زاراوانە هێزیان لە هێزی هەموو جۆرەکانی تری تابۆ زیاترە، بەڵام سەرەڕای ئەوە لەناو خۆیاندا تابۆی سێکسیی قورسمان هەیە، کە قسەکەر ناچار دەبێت زاراوەی جوانبەخش بکاتە جێگرەوەیان، چونکە هێزی تابۆکەیان هێندە زۆرە ناتوانرێت بەهیچ جۆرێک گوزارشتی لێبکرێت، کە ئەمانە بە ترۆپکی تابۆی سێکسیی دادەنرێن، وەکو (ک... چووک، ق... دامێن_ناوگیان، گ... جووتبوون_سەرجێیکردن،....)، کەواتە ئەم زاراوانە لەناو قورسترین جۆری تابۆی سێکسییدان، بۆیە تابۆی سێکسییە ترۆپکن، هەربۆیە ناتوانرێت بەهیچ جۆرێک ناو ببرێن تەنها ئەڵتەرناتیڤەکانیان نەبێت.

هاوشێوەی پاڵنەرەکانی تر تابۆکانی بواری سێکسیی ڕیزبەندییەکانیدا پلەدارو هێزی وەک یەکیان نییە، گەر سەرنجی نموونەکانی ( مەمک، گون، تۆو / شەهوەت، لەشفرۆش، داوێنپیس،...) دەبینرێت هێزی وەک نموونەکانی سەرەوە نییەو پێشبینی بەکاربردنیان دەکرێت، ئەگەرچیی ئەوانەش فۆرمی جوانبەخشیان بۆ داڕێژراوەتەوە. لەوەوە پاڵنەرەکە ئەوە دەسەپێنێت کە ڕیزبەندیی بۆ ئەو داتایانە بکرێت، کە بۆ سێکس قەدەغە کراون، بۆ ئەوەش بڕوانە (١١):

(١١) – ک... (زۆرترین جوانبەخشینی بۆ داڕێژراو: چووک، عەورەت، ئەندامی نێرینە/زاوزێ،مامعەلیی، کابرا، دەسکەدۆڵ، شتە کۆفەکە، دارقەپان، قاپەنەوت،....)

- ق... (زۆرترین جوانبەخشینی بۆ داڕێژراو: ناوگیان، دامێن، ئەندامی مێینە/زاوزێ، هێلانەکە، زێ،...)
- گ... ( جووتبوون، لاقەکردن، سەرجێیی، تێخستن،...)
- گون هێلکە، .....



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

- تۆو ... ( دەرمان، شەهوەت، ئاوەکە)

مۆرفۆسینتاکس کە نواندنی دروستەی ڕستەیەکە بە مۆرفیم، دەرنەبڕینی ئارگۆمێنتی بکەر و بەرکار لەڕێگەی هاونیشانەکردن و ڕێککەوتنەوە ڕێگا پێدراوە. (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف(٢٠١٣: ٢٥)) مۆرفۆسینتاکس هاوشێوەی دروستە سینتاکسییەکە، واتاکەی بە دروستە سینتاکسییە ڕستەییەکەوە پەیوەستەو لێکدەدرێتەوە، بۆیە واتاکە بەتەنها تەمومژاوییە. ئەو واتا تەمومژاوییەی دروستەی مۆرفۆسینتاکس وادەکات کردارەکانی ( تێخستن، تێکردن، پێهەڵبڕین، کونکردن،...) لەکاتی مۆرفۆسینتاکسدا پێشبینیی واتای تابۆییان لێدەکرێت. بەرزی ئاستی تابۆیی نمونەی (١٢) وادەکات، کە گوێگر لەکاتی بیستنی ئەو نموونانەدا زیاتر بۆ واتای تابۆیی دەچێت، ئەوەش سەلمێنەری ئەوە دەبێت، کە: (ا) پاڵنەری سێکسیی باڵاترە لەوانی تر، (ب) دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان تەنها تابۆی سێکسیی دروستدەکەن، بۆیە بۆ سەندنەوەی واتای تابۆ لەو لەو دروستانە، دەربڕاوەکانی ( بیلامەعنا، پەرژینی قایم بێت لەڕووتان، دوورلەڕووی ئێوە،...) یان لەگەڵ بەکار دەهێنرێت.

١٢) ا. تێمخست ← (لێکدانەوەی واتایی دروستەکە بەتەنها, پێشبینیی واتایی تابۆی لێدەکریت)
ب.پێمهەڵبڕی
پ.کونمکرد.

نموونەکانی ئەم پارە ئەوە دەردەخەن، کە وشەو داتاکانی تایبەت بەسێکس لە ترۆپکەکانی تابۆن و ناوهێنانیان کۆتوبەندداره. بەڵگەکان بۆ بەترۆپکبوونی تابۆ ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە ئاوەزی کوردیی لە ناو وشە نەگەتیڤەکاندا / ئەهریمەنیکاندا(ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵی کوردییدا جۆری کۆمەڵایەتیی نزمیان هەیە)، تابۆترینیان دەبێتە ترۆپک، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەورووبەری تابۆی سێکسییدان, لە نموونەی (١٣) تابۆی سێکسیی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە واتا تابۆییەکەی (پیس) دەخرێتە ڕوو:

13) داوێنپیس ← تابۆی سێکسیی
شەڕواڵپیس
دەستپیس ← تابۆی کۆمەڵایەتیی
دەمپیس
چاوپیس
ناخپیس


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### ١/_٢_١_٤ پاڵنەری کۆمەڵایەتیی:

زمان هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵە لەگەڵ یەکترداو لەچوارچێوەی کۆمەڵگادا کاری پێدەکرێت، بۆیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیردەکرێت، کەواتە بۆئەوەی تاک ببێت بەئەندامێکی شیاوی کۆمەڵگاکەی، دەبێت فێری ڕەوشتی بەکارهێنانی زمان بکرێت، کە ئەمە هەر لە لەدایکبوونی تاکەوە دەست پێدەکات (بەهار زاهیر محەمەد، 2009: 5).

کەواتە زمان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا سیستمێکی گشتییەو هەموو تاکەکانی کۆمەڵ هاوبەشن لە بەکارهێنانیدا و یەکێکە لەو دیاردانەی هەموو تاکێک ناچارە بچێتە ژێر ڕکێفی ئەو یاسایانەی، کە کۆمەڵ بۆی داناون.

یاساو پرنسیپە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر ڕکێفی دین و کەلتور(www.mominoun.com)و تابۆی سێکسییدا دادەنرێن. لەو یاساو پرنسیپانەوە جۆری کۆمەڵایەتیی بەرهەمدێت و دەبێتە پاڵنەری ڕیزبوونی ئەو پۆلەڕەگەز و ئارگۆمێنتانەی لە فەرهەنگی ئاوەزیی کۆمەڵدان. واتا پرەنسیپەکان لە ئاوەزمەندیی کورددا ترۆپکی تابۆ دروستدەکەن و ڕیزبەندیی تابۆکان بەپێی ترۆپکەکانی پارەکانی پێشوو لە ئاوەزمەندییاندا دادەڕێژن. سەرباری ئەو پرنسیپانە، کۆمەڵی کوردیی لەژێر پاڵنەریی حیزبدا/سیاسەتدا دیمۆگرافیایەکی لۆکاڵیی/ خۆجێیی بەرهەمهێناوە، بەجۆرێک وەک لە پاری پێشوودا ئاماژەی پێکرا، بەهۆی فاکتەرەکانی سزاو پاداشتەوە بووەتە هۆی جیاکردنەوەی جۆری کۆمەڵایەتیی حیزبیی، واتە هەر کۆمەڵە بەپێی ئینتما حیزبییەکەی مامەڵەی لەگەڵ دەکرت و پێگەی دەدرێتێ. هەریەکێک لەم پرنسیپانە فاکتەری نێواندژیی کۆمەڵایەتیین و هەرتاکێک بەپێی بیرە حیزبییەکەی کەرەستە تابۆییەکە بۆ تانە حیزبیی_کۆمەڵایەتیی هەڵدەبژێرێت و هەروەها بۆ سازانی حیزبیی_کۆمەڵایەتیی لەبازنەی کۆمەڵی حیزبییدا بەکاردەهێنرێت. ڕوونکردنەوەکان پێشتر لەناو بازنە کۆمەڵایەتییەکاندا بوون، بۆیە هەمان ئەو داتایانەیان بۆ دەهێنرێتەوە، کە لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەیان پێدرا.

لەڕاستیدا تاکی تەندروست لەکۆمەڵی کوردییدا خاوەنی پێگەیەکی باشتربووە، بەبەڵگەی ئەوەی کەسانی کەمئەندام کەموکوڕییە جەستەییەکەیان کراوە بەتانەی کۆمەڵایەتیی، نموونەکانی (شەل، گۆج، کوێر، درێژ، کول، کۆڵ، لاڵ، کەڕ،...) بەڵگەن بۆ جیاکاریی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسانە. دروستبوونی جێگرەوەی / ئەڵتەرناتیڤی ئەو وشانە نیشانەی گۆڕانی بۆچوونی کۆمەڵە بەرامبەر بەو کەسانە، هەرچەندە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵی نێودەوڵەتییدا بێت، واتە گۆڕانی بۆچوونەکە بۆ پێشکەوتنی ناوخۆیی ناگەڕێتەوە، بەڵکو دەرەکییە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕیزبەندیی ئەو وشانە لەئاوەزی کۆمەڵدا پێچەوانە بووەتەوە، بڕوانە (١٤ و ١٥) بۆ ڕیزبەندیی پێشتر و ئێستای کۆمەڵی کوردیی و جێگرەوە جوانبەخشەکەیان.

14) ڕیزبەندیی پێشتر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

كوێر (حافز ، نابینا) جوانبەخشین)
گۆج (كەمئەندام)
كەڕ (نابیست ،كەمئەندام)
لاڵ (كەمئەندام)
شەل (كەمئەندام)
درێژ (باڵابەرز)
كەمئەندام
خاوەنپێداویستیی تایبەت

١٥) ڕیزبەندیی نوێ خاوەنپێداویستیی تایبەت
كەمئەندام
كوێر
گۆج
كەڕ
لاڵ
شەل
درێژ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ئەنجام:

1. کۆمەڵی کوردیی پەیوەست بە وشەو دەربڕاوە تابۆییەکانەوە هەمان ئاوەزمەندییان نییە، بەڵکو لە فەرهەنگی ئاوەزیی تاکەکانی کۆمەڵدا ڕیزبەندیی بۆ تابۆکان هەیەو تێیدا جۆرێک لە تابۆکان دەبێتە ترۆپکی هەموو تابۆکان (لەهەموویان تابۆترە).

2. داتاکان ئەوە دەسەلمێنن، کە هەر پاڵنەرەو خاوەنی ڕیزبەندیی و ترۆپکی تایبەت بەخۆیان بن، لەناو پاڵنەرەکانیشدا وا پێشبینیی کراوە تابۆی سێکسیی و ئاینیی لەترۆپکی تابۆکاندا بن.

3. تابۆی کۆمەڵایەتیی بەپێیی پرنسیپەکانی پاڵنەری دینیی و سێکسییەوە داتای تابۆیی دروستدەکەن و بەهۆیەوە جۆری کۆمەڵایەتیی و ئاستی کۆمەڵایەتیی دروستدەبێت. بەهۆی گۆڕینی ڕیزبەندیی تابۆکەو دروستبوونی جوانبەخشینەکانەوە (Euphemsim) پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردیی تێدا دەبینرێت.

4. سەرەتاکانی دروستبوونی تابۆی ڕامیاریی لە کۆمەڵی کوردییدا لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی حیزبیی / ڕامیاریی لە جیاکاریی لە سزاو پاداشتدا دەستی پێکردووە، واتا فەرهەنگی حیزبیی بووەتە هۆی دروستبوونی چینێکی حیزبیی، بۆیە پێشبینیی دەکرێت وشەو داتای تابۆ ئامێز لە زیادبووندا بێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The taboo topic in Kurdish language

**Bzhwen Yahya Mohamad**

Department of Kurdish Language, College of Education,University of Garmian, Kalar, , Kurdistan Region-Iraq.

E-mail: bzhwen.yahya@garmian.edu.krd

**Abstract:**

The research is entitled (The topic of taboo in Kurdish language), it is an attempt to find the topic of taboo in Kurdish native speakers' mental, in order the most taboo expression to be recognized generally. Consequently, to find taboo and its order in mind, mental lexicon has been applied, which is in relation to being individually or in group has its particular sort. The present research is to explore that information in mental lexicon, which relies on the data and instruments that are uncovered in syntax and morphology of contexts. The study uses analytical descriptive method to analyze the phenomenon and its principle. The instrument of the study is Kurdish language _ slemani Dialect. The findings of the study shoe that the taboos have their own domain and in mental lexicon orders are kept and on the same sorts are expressed.

**Keyword:** sort, topic, mental lexicon, coordinate phrase

# قمة المحظورات في اللغة الكردية

**بزوين يحياء محمد** قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة كرميان،كةلار اقليم كردستان، عيراق.
**البريد الإلكتروني :** bzhwen.yahya@garmian.edu.krd

**الملخص:**

**تعَدُ هذه الدراسة المعنونة بـ(العبارات المحظورة النطق في اللغة الكردية من حيث التقديم والتأخير)، محاولة لإيجاد تلك العبارات المحظورة نطقا في الذهن، من حيث تقديمها و تأخيرها لدى متكلمي اللغة الكردية، هدفها تحديد أكثر العبارات التي يحظر النطق بها في المجتمع الكردي بشكل عام. ولأجل إيجاد تلك العبارات وتحديدها وترتيبها في الذهن، استعمل المعجم الذهني، الذي له ترتيب خاص بنفسه سواء كان متعلقا بالفرد أم بالمجتمع.**

**واستندت الدراسة في استخراج تلك المعلومات من المعجم الذهني، إلى الإحصاءات والآليات الموجودة في الجمل والمفردات (النحو والصرف)، أو في النصوص. واتبَعَتْ في الوقت نفسه المنهجَ الوصفي التحليلي في محاولة لها لتحليل الظاهرة ومنهجيتها. أما عينة الدراسة فإنها مأخوذة من اللغة الكردية – لهجة ساكني مدينة السليمانية-، واستنتجت الدراسة بناء على الإحصاءات المكتسبة أن للعبارات المحظورة النطق مواقع خاصة بها، من حيث التقديم والتأخير وهي محفوظة في الترتيب الذهني الكردي و يتم النطق بها –حين تزول موانع النطق- حسب هذا الترتيب نفسه.**


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## سەرچاوەکان:

بەهار زاهیر محەمەد (٢٠٠٩)، زمان و یاساکۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

پێشکەوت مەجید محەمەد (٢٠١٣)، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانیی.

شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١)، تابۆ وەک نمونەیەکی نێوان زمان و کلتور ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانیی.

دارا حەمید محەمەد (٢٠١٠)، واتاسازیی، چاپی یەکەم، سلێمانیی.

گۆران کوردیی (٢٠١٣)، زمان و کلتور، چاپی یەکەم، سلێمانیی.

عەبدولجەبار مستەفامەعرووف (2018)، ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە لەزمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک.

محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠), لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر.

هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠١٣)، هەژموونی زمان لەسەر کەسێتی کورد پەندی پێشینان بەنموونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

https://csl.psychol.cam.ac.uk/publications/pdf/94_Marslen-Wilson_PsychRev.pdf

https://www.psycholinguistics.com/gerry_altmann/resources/Chapter-6.pdf

http://medind.nic.in/jak/t08/i1/jakt08i1p181.pdf

www.facebook.com/alafkaralhorra/posts/ما-هو-التابو-السياسيأخطر-التابوهات-السياسية-التي-أدت-لقيام-أنظمة-ديكتاتورية-عنصر/1111907175526213/

https://www.alrakoba.net/articles-action-show-id-15899.htm

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D9%88

http://www.shaam.org/articles/opinion-articles/أهمية-علم-السياسة-و-تأثيره-في-حياة-الدول-و-المجتمعات

https://www.linguistics-journal.com/wp-content/uploads/2014/01/August_2007.pdf



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**